# سەگباوەڕی، وەك شێوازێك لە ئایدۆلۆژیا

## وەرگێڕانی: وەلید عومەر

ئەمەی کە دەیخوێنیتەوە، تەوەرێکی کورتە لە فەسڵی یەکەمی کتێبی (ئۆبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا)، کە سلاڤۆی ژیژەك لە ساڵی ١٩٨٩ بڵاویکردۆتەوە. ئەم کتێبە بەشدارییەکی تازە و ڕەخنەگرانەی ژیژەکە لە پێناسەکردنەوەی ئایدۆلۆژیادا، چ لەناو نەریتی مارکسیزمدا و چ لە ڕۆشنبیریی ئەورووپییدا.

پێدەچێت سەرەتاییترین پێناسەی ئایدۆلۆژیا، وتە ناسراوەکەی مارکس بێت لە کتێبی **سەرمایەدا**: «نازانن چیە، بەس هەر دەشیکەن»[١].

چەمکی ئایدۆلۆژیا، جۆرێك لە **ساویلکەیی** بنەڕەتی و جەوهەریی[٢] لە خۆیدا هەڵگرتووە. بەو مانایەی کە ئایدۆلۆژیا دەرهەق بە پێشگریمانە [وجودییەکان] و هەلومەرجی فیعلیی خۆی، تووشی هەڵەناسینەوە[٣] دەبێت، و مەودایەك دەخاتە نێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و، ئەو نواندنەوە شێواوەی خۆمانەوە [کە بۆ واقیع هەمانە: واتە "هۆشیاریی هەڵە"مان]. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە دەتوانین ئەم "هۆشیارییە ساویلکانە"یە بخەینە بەردەم ئەو خوێندنەوە ڕەخنەییەوە کە پێی دەوترێت "ڕەخنەکردنی ئایدۆلۆژیا". ئامانجی ئەم جۆرە خوێندنەوانە، گەیاندنی هۆشیاریی ئایدۆلۆژیی ساویلکانەیە بۆ خاڵێك کە بتوانیت هەلومەرجی فیعلیی خۆی و واقیعە کۆمەڵایەتییە شێواوەکە بناسێتەوە، و هەر لەم ڕێگەیەشەوە خۆی تێپەڕێنێت. لە نوسخە ئاڵۆزەکانی تری ئەم "ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا"یە، بۆنمونە نوسخەکە پەرەپێدراوەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا، کێشەکە تەنیا ئەوە نیە کە شتەکان (واتە واقیعی کۆمەڵایەتی) «بەو جۆرەی کە هەن» ببینرێن و چاویلکەی شێوێنەری ئایدۆلۆژیا فڕێبدرێت: کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە واقیع ناتوانێت بەبێ ئەم شتە خۆی بەرهەمبێنێتەوە کە پێیدەوترێت کوێرکردن و سەرلێشێواندنی ئایدۆلۆژی. دەمامکی ئایدۆلۆژی، تەنیا دۆخی ڕاستەقینەی شتەکان ناشارێتەوە، بەڵکو ئەم شێواندنە لە جەوهەری شتەکاندا هەڵکۆڵراوە و نوسراوەتەوە.

بەم جۆرە، بەر ئەو بوونە پارادۆکسیکاڵ و ناکۆکە [ـی واقیع] دەکەوین کە، تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێت خۆی بەرهەمبێنێتەوە کە بەهەڵە بناسرێتەوە و نەبینرێت: هەرکە «بەو جۆرەی کە هەیە» ببینین، ئیدی ئەم **بوونە** دەبێتە **نەبوون**؛ یان دەقیقتر بیڵێین: دەبێتە واقیعێکی تر. ئا لێرەوەیە دەبێت ئەو میتافۆرانە بخەینەلاوە کە باسی لابردنی دەمامك و هەڵدانەوەی ئەو پەردانە دەکەن کە گوایا واقیعە ڕووتەکە دادەپۆشن. هەر لەبەر ئەمەیە لاکان لە سیمینارەکەیدا *ئەخلاقی دەروونشیکاری*، لەو ژێستە ڕزگارکەرە خۆی

[١]. sie wissen das nicht, aber sie tun es.

[٢]. Constitutive: پێکهێنەر

[٣]. Misrecognition

دووربخاتەوە کە سەرەنجام بڵێت: «پاشا ڕووتە!»[٤]. [واتە واقیع خۆی هەر ڕووتە، بەڵام ناتوانین و نامانەوێت بەڕووتی ببینین، و دەمامکێکی فەنتازی و ئایدۆلۆژیی بۆ زیاد دەکەین]. خاڵە سەرەکییەکە، وەك ژاك لاکانیش ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەیە کە پاشا تەنیا لەژێر جلەکانیەوە ڕووتە. بەکورتییەکەی، ئەگەر دەروونشیکاری بیەوێت ژێستی "داماڵینی دەمامك" بنوێنێت، ئەوا ئیشەکەی لەم نوکتە بەناوبانگەی ئالفۆنس ئالێ ـەوە نزیکترە: کابرایەك پەنجە بۆ ژنێك ڕادەکێشێت و بەترس‌وتۆقانەوە هاواردەکات: «سەیریکەن سەیر، چ حەیاچوونێکە، ئەو ژنە لەژێر جلەکانیەوە ڕووت‌وقووتە»[٥].

ئەمانە هەمووی باسوخواسی ناسراون: ئەمە هەر ئەو چەمك و تێگەیشتنەیە کە ئایدۆلۆژیا بە "هۆشیاریی هەڵە یان درۆیینە" و هەڵەناسینەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی دەزانێت، هەڵەناسینەوەیەك کە خۆیشی بەشێکە لەم واقیعە. پرسیارەکەمان ئەوەیە: ئایا چەمکی ئایدۆلۆژیا وەك هۆشیارییەکی ساویلکانە، هێشتا بۆ ئەمڕۆش هەر ڕاستە دەردەچێت؟ لە کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی سەگباوەڕی)[٦]دا-کە لە ئەڵمانیا یەکێك بووە لە کتێبە پڕفرۆشەکان-، سلۆتەردایك ئەم تێزە دەورووژێنێت کە سیمای زاڵی ئایدۆلۆژیا لە سەردەمی ئێمەدا ڕۆڵ و کارکردێکی سەگباوەڕانە(سینیك)ی هەیە؛ هەر ئەمەشە کە ڕۆڵ و کارکردە کلاسیکییەکەی "ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا" دەکاتە شتێکی مەحاڵ، یان دەقیقتر بڵێم، شتێکی بەتاڵ و بێهوودە. کەسی سەگباوەڕ یان سوبێکتی سەگباوەڕ، بەتەواوی ئاگای لەو مەودایەیە کە کەوتۆتە نێوان دەمامکی ئایدۆلۆژی و واقیعی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام هەر سوورە لەسەر هێشتنەوەی دەمامکەکە. ئەو هاوکێشەیەی کە سلۆتەردایك دەیخاتەڕوو ئەمەیە: «ئەوان باش دەزانن چی دەکەن، بەس هەر دەشیکەن». عەقڵی سەگباوەڕانە، چیتر ساویلکانە نیە بەڵکو تێهەڵکێشێکی پارادۆکسیکاڵە لە «هۆشیاریی هەڵە» و «ڕۆشنبینی و چاوکراوەیی»: کەسی سەگباوەڕ، بەباشی ئاگای لە درۆیینەبوونی فلانە ئایدۆلۆژیایە، بەباشی ئاگای لەوەیە کە کام بەرژەوەندییە تایبەت و

---

[٤]. the emperor has no clothes، ئاماژەیە بۆ چیرۆکی ئەو پاشا(یان ئیمپراتۆر)ـەی کە بەڕووتی دەسوڕێتەوە و پێی‌وایە جلێکی نادیار و نەبینراوی پۆشیوە و هیچکەس ناوێرێت ڕاستیی شتەکە بڵێت، تا ئەو کاتەی منداڵێك بەسادەیی و بەبێ خۆتێکدان دەڵێت: پاشا ڕووتە، پاشا ڕووتە...(واتە ڕووتی، خۆی دەمامکی خۆیەتی. یان جل هیچ شتێك ناشارێتەوە و ئەوە خۆمانین وا خۆدەردەخەین شاردوویەتیەوە: دیالەکتیکی فۆرم یان دەمامك -و).

[5] . Jacques Lacan, Le slmillaire fill L'ethique de fa p!ycllanafyse, Paris: Seuil, 1986, p. 23 1.

[6]. "Critique of cynical Reason"

جوزئییانە لەپشت گشتێتی و کۆیەتییەکی ئایدۆلۆژییەوە خۆی شاردۆتەوە، بەڵام هەر دەسبەرداریشی نابێت.

بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەم پێگە سەگباوەڕە(سینیزم)، لەو شتە جیابکەینەوە کە سلۆتەردایك خۆی پێیدەڵێت کینیزم [کە زیاتر لە سەگباوەڕییە کۆنە یۆنانییەکەوە نزیکە]. کینیزم نوێنەری ڕەتکردنەوەی عەوامانە و پۆپۆلیستانەی کەلتوری ڕەسمییە بەهۆی تەوس و گاڵتەجاڕییەوە. شێوازە کۆنەکەی کینیزم ئەوەیە کە لە ساتەوەختی جدی و بەویقاریاندا، ڕووبەڕووی [گوتار و] دەربڕینە کاریگەرەکانی ئایدۆلۆژیای ڕەسمیی حاکم و پاتالێی ژیانی ڕۆژانە ببێتەوە (و گاڵتەی پێبکات)؛ و بەم جۆرە لەپشت شکۆی باڵای [گوتار و] دەربڕینە ئایدۆلۆژییەکانەوە بەرژەوەندیی خۆپەرستانە و توندوتیژی و دەسەڵاتپەرستییە دڕندانەکایان هەڵدەداتەوە و ئاشکرادەکات. بۆیە، ئەم شێوازە زیاتر دیوێکی پراگماتی و کرداریی هەیە نەك ئەرگۆمێنتکاری: گوتار و دەربڕینی ڕەسمی لەئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ هەلومەرجی بەگوتاربوون و [ڕاگەیاندنیدا]، ئاوەژوودەبێتەوە. شێوەی بەرکەوتنی ئەم شێوازە، بەرکەوتنێکی ئیحساسییە(بۆنمونە کاتێك سیاسییەك داوای قوربانیدان دەکات لەپێناوی نیشتماندا، ئەوا ئیدی کینیزم هەوڵدەدات قازانجی شەخسیی ئەو لە قوربانیدانی ئەوانیتردا ئاشکرابکات).

سەگباوەڕی، وەڵامی کەلتوری حاکم و باڵادەستە دەرهەق بەم ئاوەژووکارییە کینیستییە: سەگباوەڕی، بەرژەوەندییە جوزئی و تایبەتەکانی پشت کۆیەتی و گشتێتیی ئایدۆلۆژی، لەگەڵ مەودای نێوان دەمامکی ئایدۆلۆژی و واقیعدا دەناسێتەوە و حیسابی بۆ دەکات؛ بەڵام دیسان کۆمەڵێك هۆکار دەدۆزێتەوە بۆ پاراستنی ئەم دەمامکە. ئەم سەگباوەڕییە هەڵوێستێکی تەواو دژەئەخلاقی نیە، بەڵکو زیاتر وەك جۆرێك لە ئەخلاق دەمێنێتەوە کە چۆتە خزمەتی دژەئەخلاقەوە- حیکمەتی سەگباوەڕی هەوڵدەدات ئەوە پیشانبدات کە سەرڕاستی و شەرافەت فۆرمی باڵای بێشەرەفییە، ئەخلاقیات فۆرمی باڵای سەرچەوتی و ناپاکییە، حەقیقەتیش "کاریگەرترین" جۆری درۆیە. کەواتە ئەم سەگباوەڕییە، جۆرێکی فاسدی «نەفیی نەفی»ی ئایدۆلۆژیای ڕەسمییە [واتە گەر سینیزم ڕەخنەی ڕاستەوخۆ دەکات، ئەوا سەگباوەڕی و کینیزم ڕەخنەی ڕەخنەکەی ئەو دەکات]: پەرچەکرداری کەسی سەگباوەڕ، لەبەرامبەر دەوڵەمەندبوونی ناشەرعی و دزییدا، دەربڕینی ئەو خاڵەیە کە دەوڵەمەندبوونی یاسایی چەندقات کاریگەرترە، و

لەلایەن یاساوە پاڵپشتیی کراوە. [بەڵام] بەپێی وتەکەی برێخت لە ئۆپێرای Threepennyدا: «بڕینی بانکێك چ فەرقێکی هەیە لەگەڵ دامەزراندنی بانکێکدا؟».

کەواتە ئاشکرایە ڕەخنەکردنە تەقلیدییەکەی ئایدۆلۆژیا لەبەرامبەر ئەم عەقڵە سەگباوەڕەدا، چیتر ئیشی خۆی ناکات. چیتر ناتوانین دەقە ئایدۆلۆژییەکان بەهۆی "خوێندنەوەی نیشانەی نەخۆشییەکانیەوە"[7]، ڕووبەڕووی خاڵە بۆش و بەتاڵەکانی بکەینەوە، و ئەو ڕەگەزە دەربخەین کە ئەم دەقانە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی یەکانگیریی خۆیان پێویستدەکات سەرکوتیبکەن و بیچەپێنن- عەقڵی سەگباوەڕ، پێشوەخت حیسابی بۆ ئەم پێشدانەوەیە کردووە. ئایا کەواتە هیچ چارەیەکمان نیە جگە لە قبوڵکردنی ئەو مەسەلەیەی کە ئێمە هاوکات لەگەڵ سوڵتەی سەگباوەڕییدا، لە دنیایەکدا دەژیین کە پێیدەوترێت «پۆستئایدۆلۆژیا»؟

تەنانەت ئەدۆرنۆش گەیشتە ئەم ئەنجامە و پێشگریمانەی بنەڕەتیی ئەدۆرنۆ ئەوە بوو کە ئایدۆلۆژیا، بە مانای ڕەپێستی وشەکە، بەتەواوی سیستەمێکە ئیدیعای حەقیقەت دەکات— واتە ئایدۆلۆژیا درۆی ڕووت نیە، بەڵکو درۆیەکە لە فۆرمی حەقیقەتدا ئەزموونەکرێت، درۆیەکە وا خۆی دەردەخات جدیوەردەگیرێت. بەڵام ئایدۆلۆژیای شمولی و تۆتالیتار، چیتر ئەم ئیدیعا و نمایش و واپیشاندانەی نیە. چیتر تەنانەت دانەری ئەم ئایدۆلۆژیایانەش نایانەوێت کەس بەجدی وەریانبگرێت- ئایدۆلۆژیای تۆتالیتار، بەتەواوی ئامرازێکی دەرەکییە لەپێناوی ئامانجی قازانجخوازانە و ئامرازیدا، فەرمانڕەوایی ئەم ئایدۆلۆژیایە، لە حەقانیەت و حەقیقەتەکەیەوە سەرچاوەناگرێت؛ بەڵکو لە قازانجخوازی و توندوتیژییە نائایدۆلۆژییەکەیەوە سەرچاوەدەگرێت.

لەم خاڵەی باسەکەدا پێویستە جیاکاریی نێوان نیشانەی نەخۆشی(symptom) و فەنتازیا (fantasy) بخەینەڕوو، تاکو پیشانیبدەین ئەو ئایدیایە چەندە ناچیز و هەڵەشانەیە کە گوایا خۆمان لە کۆمەڵگایەکی پۆستئایدۆلۆژیدا دەژیین: عەقڵی سەگباوەڕ، سەرەڕای خۆدوورگرتنە گاڵتەجاڕی و ئایرۆنییەکەی خۆی، هێشتاش هەر ئاستە بنەڕەتییەکەی فەنتازیای ئایدۆلۆژی، بە دەستلێنەدراوی دەهێڵێتەوە(فەنتازیای ئایدۆلۆژی، واتە ئەو ئاستەی ئایدۆلۆژیا کە واقیعی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت).

---

[7]. symptomatic reading.